کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-1-2007 19:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خوێندنەوەیەکی تری ڕاپۆرتەکەی دەستەی لێکۆڵینەوەی عێراق ... د. ناصح قەرەداخی

ئەتوانین کلیلی تێگەیشتن لە ڕاپۆتەکەی بەیکەر هامیلتۆن لەیەکەم ڕستەی کورتەی ڕاپۆرتەکەدا بخوێنینەوە کە دەڵێ " بارودۆخ لە عێراق دژوار و ڕوو لە خراپییە. هیچ ڕێگەیەك نیە زەمانەتی سەرکەوتن بکات، بەڵام ئەکرێ تارادەیك بەرچاوڕوونتر بکرێتەوە. " 0 (ل5) لە شوێنێکی تردا ئەمەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە کاتێ باس لە زیادبوونی ژمارەی هێرشەکان دەکات بۆ سەر هێزەکانی سوپاو ئاسایشی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان و دەڵێ لە کاتێکدا لەسەرەتای ئەمساڵدا تێکرا ڕۆژانە 102 هێرش هەبوو لە کۆتایی ساڵدا گەشتۆتە 180 هێرش و تەنیا لەمانگی تشرینی یەکەمدا 102 سەربازی ئەمریکایی کوژراون.

لە کاتێکدا کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق گیرۆدە بوون و نازانن و ناتوانن چۆن بارودۆخەکە بەرەو سەقامگیری و هێمنی بەرن، خەڵکی ئەمەریکاش ئێستا لە هەمووکاتێك زیاتر دابەشبوون و داوای دەربازبوونی سەربازەکانیان دەکەن لەم گێژەنە. حکومەتی ئەمەریکا ناچارە بۆ چارەسەر بگەرێ ـ چ لەبەر بەرژەوەندی ئەمەریکا و چ لەبەر بەرژەوەندی پارتی کۆماری کە دەبێ هەر لە ئێستاوە لەخەمی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بێ. دامەزراندنی دەستەی لێکۆڵینەوەی عیراق و ئەم ڕاپۆرتەشی یەکێکن لەوهەوڵانەی ئەمەریکا بۆ پەیداکردنی باشترین چارەسەر (بێگومان بە مەحەکی ئەمەریکا نەك کەسی تر) . لەبەرئەوە پێویستە ڕاپۆرتەکە لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەن بۆئەوەی بتوانین باشتر لێی تێ بگەین و خۆمانی بۆ ئامادەبکەین.

ئەگەر بەوردی لە ڕاپۆتەکە بروانین زۆر شت بە ئاشکرایی خۆیان دەنوێنن. جارێ ئەبێ ئەوە بزانین لە ڕاپۆرتی ئاوەها بەناوبانگ و چاوەڕوانکراوو ڕەسمی و فرەنەتەوەییدا (لەو ڕووەوە کە هیچ نەبێ بەریتانیاش وەك ئەمەریکا بەلایەوە مەبەستە)، هەموو شتێك بە حساب دەنووسرێ و هیچ وشەو ڕستەیەك خۆبەسەری نیە. دڵنیام ئەم دەقە دەیان جار ڕەشنووس کراوە و لە هەڵبژاردنی وشەو ڕستەکانی دوا پاکنووسدا نووسەر چاوێکی وریای لە هەموو ئەو هێزانە بووە کە پەیوەندییان بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە و بەپێی بۆچوونی ئەمەریکا پارسەنگی بۆ داناون و حسابی بۆ ئەگەری کاردانەوەیان کردووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا (بێجگە لە پاشکۆکانی) 81 جار ناوی سوننە هاتووە، 53 جار ناوی شیعە هاتووە، 49 جار ناوی کورد (کورد، کوردی، کوردستان) هاتووە، و 7جاریش ناوی تورکمان هاتووە. هەروەها 6 جار ناوی بارزانی و 6 جاریش ناوی تاڵەبانی هاتووە. بە نیسبەت دەرەوەی عێراقەوە، 76 جاریش ناوی ئێران و هاتووە، 72 جار ناوی عەرەب هاتووە (کە سی جاری سوننەی عەرەبە)، 51 جار ناوی سوریا هاتووە، 14 جار ناوی میسر هاتووە، 12 جار ناوی ئەردەن، 10 جار ناوی عەرەبستانی سعوودی، 4 جاریش ناوی کوەیت.

بە بۆچوونی من ئەو ژمارانەی سەرەوە نیشاندەرێکی خێرای پارسەنگی ئەو هێزانەن کە بەلای ئەمەریکاوە دەوریان هەیە یا دەتوانن دەورببینن لە تێکدان یا سەقامگیرکردنی عێراقدا. ئەوەی شایانی باسە و باشە لەم اپۆرتەدا نووسەرەکان سڵیان لەبەکارهێنانی وشەی کوردستان نەکردۆتەوە و 9 جار ئەو وشەیەیان بەکارهێناوە وەك (هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان)، (کوردستانی عێراق) و یا (کوردستان) بە تەنیا.

ئەو ژمارانەی سەرەوە بێجگە لەوەی باسمان کرد، شتێکی تریش دەخەنە ڕوو ئەویش ژمارەی بێشوماری ئەو ئەکتەرانەیە کە لە هاوکێشەی سەقامگیری عێراقدا هەن و هەریەکە نرخێکی دیاریکراوی هەیە لای ئەمەریکا (سوونە، شیعە، کورد، ئێران، سوریا، تورکیا، سعود، ئەردەن. . . هتد. ) . هەبوونی ئەو هەموو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فاکتەرە گۆڕاوە تەنانەت لە هاوکێشەی ماتماتیکیشدا، سەر ئێشەیەکی زۆری لەدوایە و شیکردنەوەی ئاسان نیە نەخوازەللا لە هاوکێشەیەکی سیاسی ئابووری کۆمەلایەتیی ئالۆزی وەك بارودۆخی عێراقدا، خاك بەسەر ئەوەی خۆی گیرۆدەی کردوە!

لەراستیشدا نووسەرەکانی راپۆرتەکە دانیان بەو ئالۆزییەدا ناوە و وەك لەسەرەتادا وتوویانە هیچ ریگەیەك شك نابەن بۆ دەرباز بوون. ئەو هەموو پێشنیارەش کە خستوویانەتە روو (78 پێشنیار کە زۆریان ئالۆز و یەکانگیرن) بەلگەی ئەو بەرچاو تاریکییەن کە بەتەمان لەم یەك دوو سالەی داهاتوودا روونی بکەنەوە. بە قسەی نووسەرەکان کورتەی پێشنیارەکانی رایۆرتەکە ئەم دوانەن: یەکەم بەگورخستنی هەولی سیاسی و دیپلۆماسی لە عێراق و ناوچەکەدا، دووەمیش گۆرینی رۆلی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کاری سەربازییەوە بۆ کاری راهێنان و راوێژکاری و کشانەوەی ئابرومەندانە.

هەرکام لە دوو پێشنیارە بگرین کە پوختەی هەموو پێشنیارەکانن، کورد واتەنی هەر ئەبێ بلێین بەدەم خۆشە. هەولی سیاسی و دیپلۆماسی لەناوەوەو لە ناوچەکە سێی سالە بەردەوامە و تا ئێستا لە حکومەت ێکی لەرو لاواز بەولاوە (وەك هەندێ قۆشمە دەلێن کە لە پایتەخت قاچاخە) هیچی تری لێ نەکەوتۆتەوە. چ موعجیزەیەك بەرێوەیە تا وامان لی بکات باوەر بێنین هەولەکانی لەمەو دوا ئەگەنە ئەنجام؟ گۆ رینی رۆلی هێزەکانی ئەمەریکاش کاتێك دەبێ کە پێشنیاری یەکەم ئەنجامێکی بووبێ و بارودۆخ هەندێ هێور بووبێتەوە. ئەمەریکا مەبەستیەتی هێزەکانی لە ناوچەی شەڕ و رووبەرووبوونەوە کەم بکاتەوە بەلام ئەزانێ هەر کەمکردنەوەیەك رەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتنی هێزە توندرەوەکان و کەمبوونەوەی دەسەتەلاتی حکوومەت.

کەواتە چاری ئەمەریکا چیە؟ ئەو چی تر ناتوانی تەحەمەولی ئەو کوشتارە بکات کە لەسەربازەکانی دەکرێ. ناشیەوێ کوتوپڕ عێراق بەجێ بهیلێ هەم لەبەر شانوشەوکەتی و هەمیش لەترسی هەلوەشانەوەی عێراق و دروستبوونی قەیرانێکی تر کە ئەمەریکا دیسان ناچار دەبێ بگەرێتەوە سەری. ئەوانەی کە دلیان بە پشتگیریی ئەمەریکا بۆ کورد خۆشە، با لە خۆیان بپرسن ئایا ئەمەریکا ئامادەیە تورك و عەرەب و فارس لەخۆی برەنجێنێ لەبەر پێنج ملیۆن کورد ناو درك؟ خۆ ئەگەر لە داهاتوویەکی زۆر دووردا بارودۆخ بە جۆرێك بگۆرێ ئەم شتە مومکین بێ ئەوا ئێستا لەوباوەرەدام هیچ ئەگەرێکی نیە.

باشترین دۆستەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا سعوود و ئەردەن و میسر و تورکیان. هیچکام لەم دۆستانەش دلخۆش نین بە بالادەستیی شیعە و کورد لە عێراقدا. ئەمەریکا سڵ لەوەناکاتەوە ئەگەر ناچار بوو دیموکراسیەتی عێراق بکات بە قوربانی چاوی ئەو دۆستانەی بێگومان لەبەرئەوەی ئەوە لەبەرەژەوەندی خودی ئەمەریکادایە. کەواتە پێشنیارەکانی ئەم راپۆرتە بە نیسبەت بەرژەوەندیی ئەمەریکاوە مەنتیقین.

ئەگەر بمانەوێ بە دیڕێ ك باسی ئەم راپۆرتە بکەین رەنگە بێ ئینسافی نەبێ ئەگەر بلێین "پوختەی ئامانجی ئەم راپۆرتە کەمکردنەوەی گوشاری سەربازییە لەسەر ئەمەریکاو چارەسەریش لە رازیکردنی سوننەکاندا دەبینێ". رازیکردنی سوننەکان بێگومان رازیکردنی ولاتە سوننەکانی دراوسیشە. پێشنیارەکان زۆر و ئالۆزن، بەشێکیان سەبارەت بە گفتوگۆ و هاریکاریی ناوچەیی و نێونەتەوەییە بۆ یارمەتیدانی عێراق و بەشیکی تریشیان گفتوگۆ و ئاشتەوایی ناوخۆیە بەمەبەستی رێکەوتن و کۆك بوونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

کێشە سەرەکییەکانی عێراق بەپێی ئەم راپۆرتە ئەمانەن کە گوایە وەك راپۆرتەکە دەلێ (دیارە لەخۆشیەوە نالێ) هاودەنگیی و رێکەوتنی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەربارەیان هەیە: ئاشتەوایی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناوخۆی پێکهاتەکانی عێراق و پێداچوونەوەی دەستوور، ریشەکێشکردنی بەعس، بەشکردنی داهاتەکانی نەوت، هەلبژاردنی کاتی، داهاتووی کەرکوك، ئاسایش (بەغداد بەتایبەتی) وە حوکمڕانی (ل 16) . ئەو پێشنیارانەش کە جێگەی سەرنجن و ڕەنگە ڕاستەوخۆ کار لە کورد بکەن و بۆ چارەی هەندیك لەم کێشانە دارێژراون (پێشنیارەکانی 26-30) .

سەبارەت بە پێداچوونەوەی دەستوور، پێشنیاری 26 دەڵێ " پێداچوونەوەی دەستوور شتێکی پیویستە بۆ ئاشتەوایی ناوخۆ و دەبێ لەسەر بنچینەی فەوریەت بەدواداچوونی بۆبکرێ" (ل 18) . ئەم پێداچوونەیەش ئەبێ بۆ (نەرمکردنی) ئەو کێشانەی سەرەوە بێ بە سوودی سوننە بەتایبەتی مەسەلی فیدرالّی چونکە وەك راپۆرتەکە دەلێ مەسەلەی فیدرالێیەت لای کوردو شیعە مەبەستە بەلآم بۆ سوننەکان شتێکی "قێزەونە".

پێشنیاری 27 دەربارەی ریشەکێشکردنی بەعس دەڵێ" ئاشتەوایی سیاسی وا پێویست دەکا بەعسییەکان و عەرەبە نەتەوەپەروەرەکان ئاوێتەی ژیانی میللی ببنەوە بێجگە لە کەسایەتییە کلیلییەکانی رژێمی سەددام. . . " هەروە دەلێ کە ولآتە یەکگرتووەکان پێویستە هانی ئەم کارە بدات.

پێشنیاری 28 سەبارەت بە نەوت زۆر قەومییانەیە و ئەڵێ لەخۆیان وەرگیراوە ". . . پێویستە داهاتی نەوت لای حکومەتی مەرکەزی کۆبێتەوە و بە پێی دانیشتوان بەش بکرێ. هەر شێوازێك کە دەسەڵات بدات بە هەرێمەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتی کێڵگە نەوتەکانی داهاتوو، یاخود کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتەکان، ئەو شێوازە لەگەڵ ئاشتەوایی وڵاتدا ناگونجێ" (ل 54) . ئەوەش بزانین کە بە پێی دەستووری ئێستا هەرێمەکان بەشیان لە داهاتی نەوت دەبێ و بۆشیان هەیە کۆنترۆڵی ئەو بیرەنەوتانە بکەن کە لە داهاتوودا لە هەرێمەکەیاندا دەدۆزرێتەوە. لەسەر ئەم پەیرەوی کردنی دەستوورە، نووسەرەکان هێرشێکی باشیان کردۆتە سەر کورد کە هەوڵی بەرهەمهێنانی نەوتی داوە" پێشەوا کوردەکان بەراستی پەلاماردەرانە کاریان کردووە لە جەختکردنەوە لەسەر کۆنتۆڵکردنی سەربەخۆیانەی سەرچاوەنەوتییەکانیان و ئیمزاکردن و جێبەجێکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان لە باکووری عێراق لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا" (ل22) . لێرەدا راپۆرتنووسەکان ئەوەندە توورە بوون ناوی کوردستانیان نەهێناوە. کەواتە یەکێك لە دەسکارییەکانی دەستوور بە پێشنیاری ئەم راپۆرتە ئەبێ ئەم مەسەلەیە بێ.

بەراستی بلێی ئەمە هەر داخوازی سوننەکان بێ یان ئەمەریکا خۆشی وا حەز بکات؟ نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەرچەندە حسابێکی باش بۆ سوننەکانی عێراق کراوە، بەلآم رەنگە هەندێ پێشنیار بەتایبەتی ئەوەی سەرەوەو ئەوەی لەمەڕ کەرکوك، ئەمریکا بە پێی بەرنامەی درێژخایەنی خۆی و لەبەر دڵی هەندێ لە دراوسێکان خزاندبێتیە نا راپۆرتەکەوە.

پێشنیاری 29 دەربارەی هەڵبژاردنی کاتییە کە پێویستە بکرێت وەك لەدەستووی ئێستادا هاتووە بەلآم وەك راپۆرتنووسەکان لایان وایە ئەم حکومەتەی ئێستا نوێنەری هەموو عێراقییەکان نیە بۆیە ئەبێ پەلە بکرێ لە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە.

پێشنیاری 30 دەربارەی کەرکوك رەنگە وەك هی لەمەڕ نەوتەکە رەق بێ بۆ کورد. "لەبەر ئەو دۆخە زۆر مەترسیدارەی لە کەرکووك هەیە، کار سەپاندنی نێونەتەوەیی پێویستە بۆئەوەی رێ لە توندوتیژی کۆمەڵگایی بگیرێ. تێکەڵەیی کەرکوك بە دانیشتوانی کورد و عەرەب و تورکمان رەنگە بتوانێ بیکات بە بەرمیلێك باروود. ریفراندۆم لەسەر داهاتووی کەرکوك (وەك لە دەستووری عێراقدا داوکراوە پێش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆتایی 2007 بکرێ) تەقینەوە دروست دەکات و پێویستە دوابخرێ. ئەم مەسەلەیە پێویستە بخرێتە ناو بەرنامەی دەستەی نێونەتەوەیی پشتگیری عێراق وەك بە شێك لە شالاوی نوێی دیپلۆماسی" (ل45) .

زۆربەی پێشنیارەکانی تر باس لە بەگوڕخستنی کاری دیپلۆماسی ناوخۆ و ناوچەیی و نێونەتەوەیی و رۆڵی دەستەی نێونەتەوەیی پشتگیری عێراقە. بەشێوەیەکی گشتی لەم راپۆرتەدا دەوری سەرەکی بۆ ئەوانەیە کە لە دەرەوەی حکومەتی ئێستای عێراق و لەدەرەوەی عێر اقن وەکو سووچی سەرەکی قەیرانی عێراق ئەو لایەنانە بێ کە لەحکومەتدان. بەڵام لەراستیدا ئەو لایەنانەی کە زیاترین کێشەیان بۆ ئەمەریکا دروست کردووە زیاتریان بایەخیان پێدراوە ئەمەش مەنتیقییە چونکە ئەمەریکا بە شوێن دەرمانی دەردی خۆیدا دەگەڕێ.

راپۆرتەکە لە چەند شوێنێکدا رەخنەی لە کورد گرتووە لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی نووسەرانی لە بەرژەوەندیی یەکپارچەیی عێراق کار ناکەن. بۆ نموونە لەدوو شوێندا باسی هەڵکردنی ئالای کوردستانی کردووە بە فەرمانی بارزانی: "بارزانی فەرمانی داگرتنی ئالای عێراق و بەرزکردنەوەی ئالای کوردی دا لەو ناوچانەدا کە بەدەست کوردەوە" (ل 18، 19) . هەر سەبارەت بەمەش بە دەمی جەنەراڵێکی ئەمەرکاییەوە دەڵێ، کە مەبەستی لە بارزانیشە "زۆرێك لە سەرکردە شوێن دیارە خاوەندەسەلاتە عێراقییەکان بەئاراستەی عێراقێکی یەکگرتوو کارناکەن" (ل 19) . لە شوێنێکی تردا کە رەخنە لە کورد و شیعە دەگرێ دەڵێ "پێشەوا عێراقییەکان عادەتەن ئیددیعای ئەوە دەکەن کە دابەشبوونی عێراقیان ناوێ بەڵام ئێمە بۆمان دەرکەوت هەندێ پێشەوای کلیلیی کوردو شیعە پابەنبوونێکی کەمیان هەیە بە ئاشتەوایی وڵاتەوە" (ل 19) . لە شوێنێکی تردا وەك نارازی بێ لە بەرفراوانی دەسترۆیویی کورد لە عێراقدا دەڵێ "لەکاتێکدا بارزانی هەوڵەکانی خۆی لە کوردستاندا چڕکردۆتەوە، تاڵەبانی دەستەڵاتی لە بەغدا مسۆگەر کردووە و چەند وەزیرێکی حکوومەتی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دڵسۆزی ئەون. تاڵەبانی بە سەختی پشتگیری لە ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کوردستان. ئەو هەروەها هەوڵی داوە دەسەڵاتی راستەقینە بۆ نووسینگەی سەرکۆمار دەستەبەر بکا" (ل18) .

ئەم رەخنانەی کە لە کورد گیراوە بەلای منەوە جێگەی شانازین بۆ کورد و هەندێ نیشانەی کارکردنی کوردن بەرەوە هەبوونی دووردید و شوێندەستیکی تایبەت بە خود. ئەگەر ئەم رەخنانە زیاتر بوونایە رەنگە ئێستا راپۆرتەکە جۆرێکی تر بووایە. بۆ نموونە ئەم هەلوێستە لاوازە چییە کە بەدەم سەرکردەکانەوە دەیگێڕێتەوە " سیاسەتکاری کلیلیی کورد پێیان وتین کە ئەوان پێیان باشە لەناو عێراقێکی دیموکراتیی فیدراڵدا بمێننەوە چونکە کوردستانێکی سەربەخۆ بە هاوسێی دوژمنکار دەورە دراو دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی خەڵکی کورد سەربەخۆییان دەوێ" (ل18) . بۆچی خۆمان دەستە پاچە نیشان بدەین؟ کەوتمان لەبەر دراوسێی دڕ ناتوانین سەربەخۆ بین، ئیتر منەتی تێدا نامێنی. بۆ نەڵێین ئێمە لە بەر ئەو می ژووەیە هەمانە لە عێراقدا و لەبەر بەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراق ئەمانەوێ لەناو عێراقدا بمێنینەوە بەڵام بەمەرجێ. . . . بەراستی ئەگەر ئەوە قەناعەتی سەرکردەی کوردبێ کە لەبەر هاوسێکانی ناتوانێ سەربەخۆ بێ، باشتر وایە ئەوە تەنیا لە دڵی خۆیدا بێ نەك جاری بدات بەگوێی دوژمنەکانیدا. ئەمەریکا دەزانێ کە میللەت سەر بەخۆیی دەوێ، کەواتە ئیتر بۆ سەرکردەکانی هەڵوێستێکی بەهێز لەورووەوە وەرناگرن.

ئەگەر ئامانجی راپۆرتەکە دەربازکردنی ئەمەریکا بێ لە زۆنگاوی عێراق و رێگەکەشی رازیکردنی سوننەبێ، ئەوا ئەبێ چاوەرێی ئەوە بکرێ کورد و شیعە بکەونە ژێر گوشاری ئەمەریکاو وڵاتانی دراوسێوە. لەم ماوەیەی دواییدا ئەردەن و سعوود کەوتنە خۆیان و لەسەر وەزعی عێراق هاتنە دەنگ و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەوتنە کار. بە بۆچوونی من باسکردن لەوەی ئەم ڕاپۆرتە بۆ وایە تازە کۆن بووە و پێویست ناکا خۆمانی پێوە مەشغووڵ کەین. سەرکردەکانی کورد ئەگەر بەراستی ئەیانەوێ ڕۆڵێکی ئیجابی ببینن ئەبێ پێشبینی شتەکان بکەن، ئەبێ خۆیان گیف بکەنەوە و ئامادە بن بۆ وەڵام و کار و بەرپەرچ دانەوە و لەڕوودا ڕاوەستان و ڕازی نەبوون. ئەبێ توانای خۆیان بە بەرامبەر نیشان بدەن. شایانی باسە لە ڕاپۆتەکەشدا وەسفی بارزانی و تاڵەبانی بە حەریفی یەکتر هاتووە و لەو باوەڕەدام ئەمەریکا لای وایە دەتوانێ دانە دانە ئەم دوو حەریفە بە مامەڵەی جیاواز ڕازی بکات.

کارێکی زۆری ئەوێ تا بە ئەمەریکا و غەیری ئەمەریکا ئیسپات بکرێ کە کورد یەك سەرکردایەتی هەیە و دووردیدێکی (ڤیژن) دیاریکراوی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق. پەیامی ئێمە بۆ بەرامبەرەکانمان زۆر جار دردۆنگی پێوە دیاربووە بینراوە سەرکردەیەك لە وڵاتێك شتێکی وتووە، یەکێکی تر یا هەر خۆی لەوڵاتێکی تر پەیامێکی تری داوە بەدەستەوە. ئەگەر خاڵە سەرەکییەکانی دووردیدی کورد ئاشکرا بێ و هەموو سەرکردەکان پابەندی بن و لە هیچ ئان و زەمانێکدا و بەرامبەر هیچ لایەنێك موجامەلە نەکەن و خیلافی ئەوە قسە نەکەن، ئەوا دڵنیام دوژمنەکانیش حسابێکی زیاترمان بۆ ئەکەن.

بەنیسبەت ئەم خرۆشانەشەوە کە لە ناو جەماوەردا فوو دەدرێ بەراستی ئەبێ بپرسین ئاخۆ سوودی هەی یا هەر بەفیرۆدانی کات و سامانە؟ خۆنیشاندان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا عادەتەن بۆئەوە دەکرێ کە خەڵکی وریا ببنەوە و هان بدرێن بۆ ئەوەی لەدژی بەرنامەیەکی حکومەت یا دیاردەیەك کە حکومەت لێ بێ خەمە، بەدەنگ بێن بەمەبەستی گوشارخستنە سەر حکومەت بۆ بەدەنگەوەهاتنی. بەڵام ئەگەر حکومەت و پەرلەمانی وڵاتێك لە بەنامەیەکی دەرەکی وڵاتێکی تر نارازی بوون ئەوا ئەرکی دەوڵەت خۆیەتی وەك پاریزەری بەرژەوەندییەکانی میللەت و هەڵبژاردەی ئەو میللەتە، کە توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ پووچکردنەوەی ئەو بەرنامەیە. حکومەت لەم حاڵەدا پێویست ناکات هەموو توانای خۆی لە خرۆشاندنی خەڵکی خۆیدا سەرف بکات، خۆ ئەگەر بیەوێ نیشانی دنیای بدات خەڵکیش نارازین، ئەوا یەکجار بەسە نەك ببێ بە خەرەك.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە خرۆشاندنە باوی وڵاتە تۆتالیتارەکانە کە ئەیانەوێ ئەو مەسەلانە بکەن بە بەهانەیەك بۆ خرۆشاندنی خەڵکی لەدەوی خۆیان و نیشاندانی ئەوەی خەڵك لە پشتیانە و دڵخۆشکردنی خۆیان بەو قەرەباڵغییە. ئەم مەسەلانەش لە کوردستاندا بەداخەوە خەڵکێکی زۆری پێوە مەشغوڵ دەکرێ و پارەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکرێ کە بەرای من ئەوپەڕی یەکجار خۆنیشاندنی دەوێ ئیتر ئەبێتە ئەرکی دەزگا ڕەسمییەکانی حکومەت و پەرلەمان کە بە نوێنەرایەتی خەڵك بچن بەرامبەر کەڵەشێرەکان بخوێنن نەك بێن یەك لە دوای یەك، لەناو جەماوەرا، دەنگی لێ هەڵبڕن و بەسەر خەڵکی داماودا بنرکێنن. دوا نموونەش بزووتنەوەی ریفراندۆمەکەیە کە خۆزگە هەڵسەنگاندنێکی بۆ دەکرا بزرانم چی تێدا سەرف کراوە و چ دەورێکی لە بەدیهێنانی ریفراندۆمدا بینیوە (ئەوە جارێ بەیکەر پێشنیاری دوا خستنی کردووە) . ئاخر چ پێویست دەکا بچیت لە هەرچی کون و قوژبنی ئەم کوردستان و ئەوروپایە هەیە کۆڕ بۆ ریفراندۆم بگری کە جارێ یەکەم خەلك خۆی باوەری پێی هەیە (وەك ئەوە وایە بچی لە هەورامان های گوێز بکەی)، دووەمیش خوا ئەیزانێ کەی دەکرێ. ئەم جۆشدانی جەماوەرە لای ئێمە بێ مانا و بێ سوود هەندێ جار خەڵکی پێوە مەشغووڵ دەکرێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی پێویستە بەرامبەر راپۆرتەکەی بەیکەر و هامیلتۆن پێویستی بە هەنگاوی میللەت نیە پێویستی بۆ هەنگاوی سەرکردەکان و حکومەت و پەرلەمانە. ئەویش نەك لەگەڵ میللەتی خۆمان بەڵکو لەگەڵ ئەمەریکا بەریتانیا و شیعە وسوننە و تورکیا و ئێران و سوریا و هتد. . ئەبێ سەرکردەکانی کورد هاوکێشەکان بخوێننەوە و ئەو لایەنانە دەستنیشان بکەن کە لەبەری کوردەوەن و ئەوانەش کە لەوبەرەوەن. ئەگەر شتێك بکرێ ئەوە بە پێشبینی کردنی رووداوەکان و دەسپێشخەری کردن و عەزم و نەترسی و یەکدەنگی دەکرێ نەك بە کۆڕ و سیمینار سازدان لە گوند وشارەکان و دەنگ کۆکردنەوە و هەراو هوریا.

2006/12/23

*******

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.